ئەنجیلا میرکل:

# پۆرترێتی ژنێکەو ئەلمانیا بەرێوە دەبات.

**نووسینی: بودوان بۆلایر**

**وەرگێرانی بۆ عەرەبی: سلیمە لبال**

**و: شێرزاد هەینی . سوید**

**بەشی پێنجەم و شەشەم**



ئەنجیلا لەگەڵ راوێژکارە کۆنەکە



ئەنجیلا لەگەڵ سەرۆك بۆتین

5

**لەگەڵ سەرۆک بۆتین کێشەی زمانی نی یە .**

**پاش ماوەیەک و چاوەروانیەکی زۆر لە کۆتاییدا، ئەنجیلا بە پلەی توێژەر لە ئامۆژگەی ناوەندی فیزیاو کیمیا لە ئەکادیمیای زانستەکانی زانکۆی بەرلینی خۆرهەلآت وەرگیرا، ئایا ئەوەش لەبەر ئەوەبوو کەوا ئەو ئەندامی گەنجانی ئازادبوو ..؟؟ هەر چۆنێک بێت ئەو هیچ رۆژێک ناسنامەی ئەندامیەتی ئەو رێکخراوەی نەدراندووە، ئەوانەی دژایەتی دەکەن، زۆر دەڵێن ئەو لەو کاتانەدا ئەندام بووەو بەرپرسی دانانی پلەو پێشخستنیش بووە، بەڵام ئەو هەموو جارێ ئەو پرۆپاگاندنە بە درۆ دەخاتەوە. بەڵام برادەرەکانی دەڵێن ئەو ئەندامێکی چالاکی بواری رۆشنبیری ئەوان بووە، ئەوەیان بەدرۆ ناخاتەوەو وتوویەتی من بەرپرسی پلیتیەکانی شانۆو رێکخستنەکان و خوێندنەوەو کۆرگێران بوویمە. لەبەر ئەوەی ئەنجیلا بەدوای رەوشێکی ئازادە دەگەڕا تا بواری دانوستان و گفتوگۆ ساز بکات بۆیە رازی نەبوو هاوکاری پۆلیس نهێنی ( ستاسی ) بکات. ئەگەر لە ئەرشێفی پۆلیسی کۆنا بکۆلیتەوە، بۆت دەردەکەوێت ئەو دەنگۆیەی گوایە هاوکاری پۆلیسی کردووە نادۆزرێتەوە. بۆچی رەفزی هاوکاری ئەو بۆ پۆلیس لە ئەرشێفەکانیان نەدۆزراوەتەوە، ئەو راست دەلًیَت کە پۆلیس ئامادەنەبوو کارێکی سەرکەتوو شکستی خۆی تۆمارو بە ئەرشێف بکات، لە هەمان کاتیش نیشانەیەک دۆزراوەتەوە کەوا پۆلیس داوای کردووە کیژە قەشەکە چاودێری بکرێت، هەمان کاتیش داواکراوە کوری لادەر ( رۆبرت هۆفمان ) چاودێری بکرێت. لەناو دەستەکەی ئەنجیلادا زۆر هەبوو پشتیوانی و سۆزیان بۆ بزاڤی هاوکاری پۆلۆنیا هەبووە، ئەو دەستەیەش نوکتەیەیان هەبوو، دەیانووت مارکس میراتەکەی بۆ هەردوو بەشەکەی ئەلمانیا جێهێشتووە بەشی خۆرئاواکەی سەرمایەداری و بەشی خۆرهەڵاتەکەشی شیوعیەتی بەرکەوتووە .**

ئەرشێفێک رووبەرووی ئەلمانیەکان دەبێتەوە :

پۆلیسی نهێنی بۆ گرتن و چاودێری بەرهەڵستکارانی رژێمەکەیان 71 هەزار جاسوسی رەسمی هەبووە، ئەو ژمارەیەش سێ جار لەو ژمارەیە زۆرترە کە یەکێتی سۆڤیەتی لەناو رێزەکانی پۆلیسا چاندبووی. دەکرێ پاش ئەو ژمارە زۆرە بڵێن بێجگە وانە 175 هەزاری جاسوسی نارەسمیشی هەبووە. ئەوانە لەسەر خاکی ئەلمانیای دیموکراسی بووینە، ئاشکراش بووە کەوا 20 هەزار جاسوسیشی لەناو خاکی ئەلمانیای فیدرالیش هەبووە. بە کورتی پۆلیسی نهێنی تۆماری تایبەتی 4 ملیۆن ئەلمانی خۆرهەڵاتی و 2 ملیۆن ئەلمانی خۆرئاوایی هەبووە. درێژی ئەو فایلانەی کە هاووڵاتیان ئاگادار نین 180 کم دەبێت، لەوانە 14 کم لە رۆژانەی ئاژاوەی رووخانی دیوارەکەی بەرلین رووخا لەناوچوو، بەڵام توانرا 16500 کیسەی بە بەرزی یەک مەتری و پانی نیو مەتر گلدرایەوە، ئەوانە هەمووی 600 ملیۆن یەکەی تایبەتی تێدایە، وا خەریکە دەزگا تایبەتیەکان بە ئامێری تایبەتی دایاندەنێنەوە .

بێجگە لەو فایلانە وا خەریکە هەزارەها هاووڵاتی ئاسایی رۆژانەی تایبەتی ژیانی ئەو سەردەمە دەنووسێتەوە، ئەوانەی رۆژێکیان بوونەتە قوربانی دەزگاکانی جاسوسی و کەسانی نزیکی خۆیان. بە کورتی هەموو لەسەر یەک جاسوس بوون، هەموو لایەک لەسەر کەسی نزیکی خۆشی شتی بۆ بەرژەوەندی پۆلیسی نهێنی دەنووسی. هەردوو رۆژنامەنووس لۆک رونزویگ و یاسین لۆفورستیی کتابێکیان لەسەر ئەو مەسەلەیە نوسیبوو، تێدا نووسیویانە کە هاووڵاتیان ئەو راستیان زانی تووشی شۆک بوون، زۆرتر لە رۆژانی ساڵانی 1945 ی سەردمی نازییەکان سەرسام و شلەژان .

ئەو دیوانەی چاودێری جاسوسەکانی دەکرد لە پۆلیسی نهێنی ژمارەیان دەگەیشتە 25 هەزار کارمەند، ئەوە تەنیا لە بارەگاکەی ناو بەرلیندا هەبووە، لە دەرەوی پایتەختیش 14 نووسینگەیان هەبوە، مانگانە 7 تا 8 هەزار نامەی نوسراوی سەر هاووڵاتیانیان بۆ هاتووە .

بەناچاری دیوان لە 2 ئوگستی 2006 چەندین دۆسیەی بڵاوکردەوە، ئەوەش لەسەر داوای چەندین رۆژنامەنووس و مێژوونوسان بوو کە چەند پاڵێوراوی بوندستاگ ( پەلەمان ) ی ئەلمانیای فیدرالیان لە هەفتاکانی سەدەی رابردوو بە بوونی پەیوەندی بە دەزگا جاسووسیەکانی پۆلیس نهێنی تاوانبارکرابوون. ئەو دۆسیە تایبەتیانە لە پاش رووخانی دیوارەکەی بەرلین گەیشتبووە دەزگای موخابراتی ئەمریکی، بۆ ئەو داوایەو بۆ لێکۆلینەوە حکومەتی ئەلمانیا داوای کردنەوە، لەو لێکۆلینەوەیەدا دەرکەوت، کەوا لە کۆی 43 ئەندام پەرلەمانی ئەلمانی خۆرئاوا تەنیا پێنجیان بە شێوەیەکی نارەسمی پەیوەندیان بە پۆلیس نهێنی ئەلمانیای خۆرهەڵاتەوە هەبووە، هەر پێنج ئەندامەکەش مردوون و لە ژیاندا نەماون .

لە مارسی ساڵی 2005 دیوان حەوت توێژەری دانا، تا لەسەر دۆسیە تایبەتیەکەی هیلموت کۆل ئیش بکەن، رەزامەندی کردنەوەو توێژینەوەی دۆسیەکەی لە دادگا چوار ساڵی خایاند، ئەوەی شایانە باسە لەو دۆسیەی گەورەیەی ئەو، سەرەتا هەزار لاپەرەی یەکەمی لە حەوت هەزارەکەی پێویستی بە خوێندنەوەو توێژینەوە نەکرد، چونکە ئەو پێشەکییە تەنیا سەربردەی ژیان و رۆژانەی تایبەتی بووە، یان بەشێکی شێوەی فێربوونی جاسوسی و زانیاری لەسەر ئەو مەسەلەیە بوو، یان فێربوونی گوێراگرتنە لە تەلفۆنەکانی رۆژانەی. ماریان بیرتلر شادومانی خۆی راگەیاند کە رەزامەندی وەرگیرا تا لەو دۆسیە بکۆڵدرێتەوە، ئەوەش بۆ ئەوەبووە تا بزانن و شارەزابن پۆلیسی نهێنی ئەلمانیای خۆرهەڵات چۆن کاری کردووە، بەرنامەیان چۆن بووە، لەو دۆسیەیەش بۆیان

گونجا لە هەڵسوکەوت و رۆژانەی راستی راوێژکاری پێشوو ( لیون ) بگەن .

**دانپێدانانەکانی کریستا وولف :**

کریستا وولف لە بوریمان لە ساڵی 1929 لەدایکبووە، ئەو ژنە یەکێک لە ئەدیبە ناودارەکانی ئەلمانیای خۆرهەڵات بووە، یەکێک بوە لە رووناکبیرەکان و نووسینەکانی تەرجەمەی چەندی زمان کراوە، بەڵام لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی رابردوو یەکێک بووە لە جاسووسەکانی پۆلیس نهێنی ئەو دەزگایە، پاش ئەوەی بە نوسینی تۆمارە ئەمنیەکان راسپێردراوە. ئیمرۆش ئەو ئازایانە دان بەو کارەی خۆی دەنێت، ئەو رۆژانەو ئەو کارانەی هەرگیز بە سەرکەوتن وشانازی نازانێت، ئەو دۆسیەکەی خۆی و رۆژانەی کاری ئەو مەیدانەی بۆ خوێنەرانی بلاوکردەوەو وتویەتی خوێنەران مافی خۆیان ئەو شتانە هەموو بزانن، ئێمە لە پەنجاکان وامان دەزانی هاووڵاتی ئەلمانیای دیموکراسی زۆر شادومان دەژیت و شانازییمان بەو رۆژانە دەکرد، لەو ولاتی ئێمەدا ئیشتراکییەت بەرقرارەو دادپەروەری و یەکسانیەکەی لە جیهانا بێ هاوتایە، بڕواشمان وابوو ئێمە لەسەر حەقین. بەڵام بۆمان روون بۆوە کەوا راستی ئەو کۆمارو ئەو ولاتە وەهمێک بوو، من ئیستاش دەپرسم، ئایا ئێمە بەراستی لەو شتە رزگارمان بوو و ئازادین .؟؟ نەوەکەی ئێمە لەناو چەند بەهایەکی رۆشنبیری وەک دادپەروەری و ئازادی و هاوکاری بووین، ئەوەش توێژێکی هێنایە بەرهەم، ئەو توێژە شارستانیەتێکی بنیات نان، ئەوەی بینیمان چۆن رووخا، بەڵام من بروام وایە زەحمەتە کۆمەڵگایەکی بینتانراو لەسەر بەهاکانی سەرکەوتن و گەشەداری بێ سنوور دروستکراو بە ئاسانی بشکێت !.

**ماڵئاوایی لینین :**

لۆژیک لە دیتن و زانینی ماریان بیرتلری بەڕێوەبەری هەڵسورێنەری ئەرشیفەکەی پۆلیس نهێنی جیاوازە، ئەو ژنەش وەک ئەنجیلاو کریستا وولف لە ئەلمانیای خۆرهەڵاتەوە هاتووەو پاڵێوراوی حزبی کەسکە، ئەو ژنە تەمەن 57 ساڵییە، لە دیدارێکی تەلفزیۆنی ( ئای ئار تی ) ی سەر بە کەنیسەی پرۆتستانت وتبووی :

من لە مناڵییەوە نیگەران نەبوم، چونکە ئەو پۆلیسانە لە هەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە بەدواوەم بوون، من هەرگیز خۆم وەک قوربانیەک نەبینیوە، ئەو رۆژانەی لە کەنیسەدا چالاکی و بەرهەڵستیمان دەکرد، ئەرێنی زۆری لەسەر کەسایەتیم خوڵقاند، ئەگەرچی دووچاری مەترسیش نەدەبووینە بەڵام ئەوەش خەبات بوو، هەرگیز ئێمە وەک ئەوانەی جاسوسیمان لەسەر دەکردن بختیار نەبووین، ژیانی ئەوان زۆر دەوڵەمەندبوو .

بنچینەکانی فێربوونمان لەسەر ئایدلۆژیای دژ بە فاشیەت بوو، بەڵام بۆمان روون بۆوە هەموو میللەتەکەم بویتە قوربانی ئەو رژێمە فاشییە، بۆیە دەستەڵاتداران بەناچاری سستەمی راگەیاندنی دژ بەوەیان پەیرەوکرد .بۆیە ئەو ژنە هەرگیز ناکەوێتەوە ناو داوەکەی سۆزو خۆشەویستی بۆ رابردوو، ئەو زۆر فلیمی ماڵئاوایی لینینی خۆشویستبوو، بەڵام ئەگەر دووبارە دکتاتۆریەت بناسینەوە، ئەوە زۆر شتە بەهادارەکان ناشیرین دەبن .

**فەشەلی پۆلیس نهێنی :**

لە راستیدا پاش سەرکەوتنی شۆرشەکەو نەمانی دیواری بەرلین روون و ئاشکرابوو، زۆر لەوانەی پێشەنگ و رابەری ئەو بزاڤەبوون، زووتر هاوکاری پۆلیسی نهێنی بووینەو یارمەتیان داوە، لەوانە شاعیرو رووناکبیری گەورە ساسشا ئەندرسۆن و نووسەر راینر شدلنسکی، ئەو دەزگایە لە هەموو

شێوێنێک، له ناو بوارەکانی ئاینی و وەرزش و زانکۆی سیاسی و رۆشنبیری دەست و کەسی تایبەتیان هەبووه. ماریان بیرتلر ئەوەی ئاشکراکردووه کەوا 2% ئەو هاووڵاتیانه بە راستی و به دڵسۆزی هاوکاری ئەو دەزگایەیان کردووه، ئەو رێژەی که 30, 40 50% ,زۆر دووره له راستی، که جاری وا هەیه باس دەکرێن. ئەوەی شیاوی باسه رێژەو ژمارەکه هەر چەند بێت، زۆر و کەم گرنگ نی یه، ئەوەی گرنگ بوو، پۆلیسی نهێنی و دەزگاکانی تر حکومەت پێشبینی ئەوەیان نەکرد که رژێمەکه ستوونەکانی هەژاو رووخا .

لێبووردەیی هیلمۆت کۆل :

ئەگەرچی ئەنجیلا میرکل رۆژێک له رۆژان قەمیسی شینی لاوانی شیوعیشی لەبەرکردووه، بەڵام هەرگیز له کاروانی چالاکی سیاسی خۆیدا، یارمەتی و هاوکاری پۆلیس نهێنی نەکردووه، که زانیویەتی برادەرەکانی وولف گانگ شونرو لۆسەر دومایزیر هاوکاری ئەو دەزگایه دەکەن، لێیان دوورکەوتیتەوه، ئەو لاپەرەی ژیانی پێچاوەتەوەو بواری تری دوور لەو مەسەلەیە گرتووه. بەڵام هیلمۆت کۆل لەو مەسەلەیه دوورتری دەروانی ئەو چاکی دەزانی ژیان و رۆژانەی حکومی ولاتێکی شیوعی چۆن بووه، ئەو گەنجه هەرزەکارانه بەناچاری لەترسی هەڕەشەکانی ئەو دەزگایه هاوکاریان کردووه، به قسەی کۆل قەدەر ئەوانەی بەرەو ئەو رێبازو هاوکارییه بردووه. ئەوەی جێگای سەرسورمانه جرمانی ئالفریچ گروسی رای وایه، ئەوانەی بۆ بەرژەوەندیان جاسوسی کردووه، کەسیان سزا نەدرێن و هیچیان پێنەوترێت .

بەرپرسی حزبی ئیشتراکی ناوچەی درسدن، وتویەتی، یەکێک لەوانەی جاسوسیان بۆ بەرژەوەندی ئەو کردووه، هانس مودری ئەوەی سەرۆک حکومەتی پێشووتربووه، توانیشی کورسیەک له پەرلەمان وەرگرێت، پاشان که له رابردووەکەی خۆی پەشیمان و چاوپۆشی کرد، بووه ئەندام پەرلەمانی ئەورووپیش .له نێوان نارەزایی و لێبووردن هێشتا مەسەلەی پۆلیسی نهێنی لەو ولاته جێگای باس و بایەخه، که فلیمی ( ژیانی ئەوانی تر ) له مایۆی ساڵی 2006 چەندین خەلات و رێزنامەی وەرگرت، لەبەر ئەوەی بەسەرهاتی فیلمەکه باسی جاسوسی سەرکردەکانی ئەو پۆلیسەی کردبوو، بۆیه ئەو هەموو بایەخەی پێدرا، دەکرێ بگوترێت هێشتا ئەو مەسەلەیه زیندوو و بەرباسه لەو ولاتەدا .

رووخانی دیوارەکه :

له رۆژی 9 ی نۆفمبەری ساڵی 1989 دیوارەکه رووخا، ئەو سەعاته ئەنجیلا وەک ئێوارانی رۆژانی پێنجشەمموانی ئاسایی خۆی گەرماوێکی ساونای کردووه. ئەو دەمه تەمەنی39 ساڵ بووه، راوێژکاری ئەلمانیای فیدرالیش بەسەردان له ولاتی پۆلۆنیابووه، بۆ سەردانی ژەنرال جارۆزلسکی رۆیشتبوو .ئەوەش بژاری تایبەتی ئەو کەسانەبووه، ئەنجیلا له بەرلین و راوێژکاریش له پۆلۆنیابووه .

له کۆتایی ئەو رۆژه ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حزبەکه ئیستقالەیاندا، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی کۆرێکی رۆژنامەگەری بەست، به زمانی دارو به رووێکی ناخۆش و ماندوو قسەی دەکرد، دیدارەکه راستوخۆ لەسەر شاشەی تەلفزیۆنەکانا نیشان دەدرا، لەو دیدارەدا چەندین رۆژنامەنووسی گەورەش ئامادەبوون. مێژوونووس تۆماس فلیمینگ دەگێرێتەوه، کەوا له سەعات شەش و پەنجاو سێ دەقه کۆنسەر سشابۆفسکی لەو پارچه کاغەزه دەگەڕا کەوا زووتر ئایگۆن

گرانزی جێگیری هونیکر لە باخەڵی ئاخنیبووی، ئەویش پرسیارێک بوو رۆژنامەنووسێکی ئیتالی ئاراستەیکردبوو، بە شپرزەییەوە دەیخوێندەوە .

ئەو رۆژە بەرپرسی حزبیەکە وتی :

هاووڵاتیان دەتوانن داوای سەفەریان بۆ دەرەوە بەبێ راڤەو توێژینەوەی باری خێزانی پێشکەش بکەن، رەزامەندی و مۆڵەتەکەش زوو لەلایەن پۆلیس میللیەوە دەردەچێت. دیارە ئەویش ئەو فەرمانەی بۆ هاتبوو، کەوا دەکرێ مۆڵەتی دەرووونی دائیمی بێ مەرج دەربچێت، ئەوەی سکرتێری حزبی ئیشتراکی یەکگرتووی وتیبووی، رۆژنامەنووسان بڕوایان پێنەدەکردبوو، ئەوەش بۆ بەرژەوەندی هاووڵاتیانی بەرلینی خۆرهەڵات بە سوودو باش بوو. سشابۆفسکی سەری بۆ ئاسمان بەرزکردەوەو پسولەکەی دەرهێناو وتی :

بەڵێ بۆ دەرچوون بە شێوەیەکی دائیمیش، دەکرێ دەربچن لە هەموو خاڵەکانی نێوان هەردوو بەشەکەی ئەلمانیاو بەرلینی خۆرئاواش، زوو رۆژنامەنووسێک پرسی، کەی ئەو بریارە جێبەجێ دەبێت ..؟ سکرتێر حزب وەرەقەکەی نێوان پەنجەکانی جوولاندو وتی :

بەپێی ئەو زانیاریەی من هەمە، ئەو بریارە لە ئێستاوە جێبەجێ دەبێت، یەکسەر ..... ئایا ئەو کەسە قسەکەرەی بەناوی ئەو رژێمەی وا دەرووخێت قسە دەکات، نازانێت چی روودەدات ..؟؟ دیارە بە هەلە پەیوەندی پێوە کراوەو ئاگادار نی یە .؟ ئەو قسەیە وەک قونبەلەیەک دەنگی دایەوە، هەموو ئاژانسەکانی دەنگوباسی جیهان وەریانگرت، شەو سەعات هەشت دەنگوباسەکانی ئەلمانیا باسیانکرد، ئەو دەمەی ئەو هەواڵە بڵاوبۆوە، هەزارەها کەسی ناو ئەلمانیا خۆرهەڵات بەرەو ( دیواری شەرمەزاری ) هێرشیان دەبرد .

ئەلمانەکان لە سەعات هەشت و نیوی ئێوارەوە لەلای خالی سنووری بورنهۆلمرستراس و لە لایەکی تری کۆبونەوە، لە سەعات دەی شەودا، هاوارو دەنگی سنوورەکە بکەنەوە دەبیسترا، پاش ئەوەی پۆلیسی ئەلمانیای خۆرهەڵات کشانەوە، هەموو خاڵەکانی سنوورەکە لە نیوەی شەو کرانەوە .

خۆشی و کامەرانی هەموو ئەلمانیای گرتەوە، زۆریان کەوتنە سەماو هەڵپەرکێ و زۆریش خەریکی رووخانی دیوارەکەبوون، ئەو دیوارەی چەندین ساڵ بوو ئەو ولاتەی کردبووە دوو پارچە، دەنگی خۆپیشاندەرانیش هاواریان بوو ) ئێمە میللەتین .( ئەو دوو پارچەیە بەبێ ئەوەی یەک دلۆپە خوێن برژێت یەکیانگرتەوە، هاووڵاتیانی بەشەکەی خۆرهەڵات فرمێسکی شادییان دەباراندو بۆ ئەو تەمەنەی بەفیرۆچووی رابردوویان دەگریان.

ئەنجیلا میرکل:

6

ئەنجیلا میرکل لە کاتی گۆڕانە بەتەوژمەکی ئەلمانیای خۆرهەڵات لە کێ بوو؟



میرکل و جاک شیراکی سەرۆکی فەرەنسی



وێنەی ئەنجیلا کە وەزیری ژنگەبوو، لەگەڵ وەزیری ژنگەی فەرەنسی

کە ئەنجیلا راستەوخۆ لە تەلەڤزیۆن گوێ لە راگەیاندنەکەی ( ڤونتر سشابوفسکی ) بوو، دەستی دایە تەلفۆنەکەی و قسەی لەگەڵ دایکی کردو بەبیری هێنایەوە جارێکیان وتبوویان، لە یادی رووخانی دیواری بەرلینا لە هوتێلی کمبنسکی لە بەرلین خواردنی گیانەوەری دەریایی دەخۆین. ئەو دەیزانی رۆژێ دێ ئەو رژێمە دەرووخێت، بەڵام لە راستیشدا بڕوای پێ نەبوو. ئەو رۆژە ئەنجیلا لەجیاتی ئەوەی لەگەڵ خۆپیشاندەران بەرەو دیواری شەرمەزاری بچێت، گەرمای ساونای فنلندییەکەی لا پێویستترو خۆشتربووە، پاشان هاواری کردبوو، ئەو نەیزانی ئەو دیوارە هەر ئەو رۆژەو وا بە خێرایی دەرووخێت. ئایا پاش ئەوەی لەگەڵ دەستە خۆشکەکانی لە ساوناکە دەرچووە بیری لە راگەیاندنەکەی سشابوفسکی کردیتەوە..؟؟

## ئایا ئەویش هەستی بە سوتان و هەڵچوونی هاووڵاتیانی ئەو شارە کردبوو ..؟

لە راستییدا وابوو، ئەو وتبووی، من کەمێک لە شاردا سوورامەوە، وەک راهاتووم پاش ساوناکە یەک شووشە بیرەشم خواردەوە، لە سەندووقە تەلفۆنێک گەرام تا زوو تەلفۆن بۆ پوورم لە هامبۆرگ بکەم، لەبەرئەوەی پارەی ئاسنیشم پێ نەبوو، تەلفۆنەکەم بۆ نەکرا، لەدوایی بە هاوکاری خێزانێک ناویان ( ویسی ) بوو توانیم تەلفۆنەکەم بۆ وەرگرن و قسەکانم بکەم. ئەوانەی بەبیر خۆی دەهێنێتەوە، ئەو رۆژە هەر بڕوای نەدەکرد، ئەو رۆژەی ئەو وڵاتە دەهەژا، هەستی بە گەرمییەکی وشک کردبوو، لەو ساتە مەترسیدارەو ناسکە، چی بەبیرهاتووە بیڵێت، ئەو ساتانانە ئەو ترساوە، رووخانی ئەو دیواری بە تەواوکەری ئەو رووداوانە زانی کە دووچاری وڵاتە شیوعیەکان هاتبوون، هەموو گۆڕانکارییەکانی ئەو رۆژە، ئەو هەر ساردو خاوبووە، لەناو مەستی و ساردییەکەی خۆیدا زوو دەستەخۆشکەکانی ( کۆرفۆرستاندام ) یان شەقامە ناودارەکەی بەرلینی خۆرئاوایان دۆزیبۆوە، ئەو سەری بەسەر سەرین کردووەو نوستووە. بەیانی زوو لە خەو رابووەو لەگەڵ ئایرین خوشکی ئەویش سەری لەو شەقامەی داوە، ئەوەی دوێنێ دەستە خۆشەکانی زوو چووبون .

## گەشتەکەی راوێژکار :

لە گەرمەی رووخانی دیوارەکەو ئەو رووداوانەی هەردوو پارچەکەی ئەلمانیا راوێژکار هیلمۆت کۆڵ لە کۆشکی ئەنجوومەنی وەزیرانی پۆڵۆنی لەگەڵ وەزیری یەکەمی ( ملزوفیکی ) لە وارشو خواردنی ئێوارەیان دەخوارد، کە رەوشەکە زۆر توندبوو و هەڵبژێردراوانی بوندستاگ سروودی ئاشتی

نیشتیمانیان له بۆن وتەوه، یەکێک لە راوێژکارانی لە رووداوەکانیان ئاگاداری کردیتەوه .
راوێژکار خۆی تەلەفۆنی بۆ قسەکەرە رەسمیەکەی کردووه، ئەویش لە وەڵامدا، لەسەری هاواری کردووەو وتویەتی :
) گەورەم، هەر ئێستا دیوارەکەی بەرلین رووخا .(!.

لەسەر ئەو پێشهاتە کۆل وتویەتی :

ئەو دەمە تەنگاوبووم، هەموومان چاوەڕوانی بڕیارێک بوین، بڕیارو بەرنامەیەک بۆ کێشەی هاتن و چوونی نێوان هەردوو بەشەکەی ئەلمانیا دەربچێت، دیارە ئەوەش وا بە ئاسانی نەدەکرا، ئاگاداری ئادوارد ئاکرمانم کردووە، من پێویستم بە زۆرترین زانیاری هەیە، من ئێستا بەرنامەم زۆرە، بوارم کەمە، هەر ئەوەندەم بەدەستەوەیە ئێوارەکەی کۆنگرەیەکی رۆژنامەگەری سازبکەم. هەموو زانیارەکان زوو و خێرا دەگەیشتنە هیلمۆت کۆل، هەواڵەکان زوو و بە باشی لە کەنالەکانی راگەیاندن بڵاودەبونەوە، ئەو رووداوە خێرایانە وایکرد، ئەو سەردانەکەی وارشۆی کورتتر بکاتەوەو زووتر بێتەوە بەرلین. ئەو وەک کۆنراد ئادینویاری ئەو هەڵەیەی نەکرد لە 13 ی ئۆگسستی ساڵی 1961 لە دانانی بەردی یەکەمی دیواری بەرلین بەشداری نەکرد. فرۆکەکانی هێڵی ئاسمانی ئەلمانیای خۆرئاوا بۆیان نەبوو بەسەر ئاسمانی کۆماری ئەلمانیای دیموکراسی بفڕن، بۆیە لە گەرانەوەی هاتەوە سوید، لەوێشەوە بەرەو ئەلمانیا فڕی، لە فرۆکەخانەی هامبۆرگ نیشتەوە، یەکسەر سەفیری ئەمریکی لە ئەلمانیا ) فیرنون والترز ) فرۆکەیەکی سەربازی گەیاندێ، بەو فرۆکەیە گەیشتە بەرلین ئێوارەکەی سەعات نزیکەی چوار لە تۆمبلهۆف نیشتەوە. بەمجۆرە زەبلاحە رەشەکە گەیشت، لەبەر ئەوەی درێژییەکەی دوو مەتربوو، لەبەر رەنگی رەشی یەکێتی کریستیانی دیموکراسی ئەوە ناوەیان پێ دەووت ..

قەدەری بە پێچەوانە :

قەدەری ئەنجیلا، هەفتەی دوایی پاش سەردانەکەی کۆل بۆ پۆلونیا، گەشتێکی بۆ وڵاتی پۆلونیا رێکخست، بەڵام ئەو بۆ مەرامێکی تربوو، ئەنجیلا گەیشتە پایتەختی ئەو وڵاتە بۆ بەشداری کارو بەرنامەی سەکۆی فیزیا. لەو سەردانەیدا دیداری زۆری بووە، لەوێ باسی رەوشی سیاسی وڵاتەکانی سەر بە سستەمی شیوعیەتیان بە تایبەتی دوارۆژ کۆماری ئەلمانیای دیموکراسی کردبوو، بە برادەرانی ئامادەبووی ئەو سەکۆیەی وتبوو، ئەو دوو پارچەیە لە داهاتوودا یەکدەگرنەوەو یەکپارچەیی ئەلمانیاش دەبینین. لەو دیدارانەدا بە ئاشکراو بە توندی هێرش دەکرایە سەر سستەمی ئەلمانیای دیموکراسی، بەڵام نەدەزانرا ئەو قسانە لەبەرژەوەندی کێ یە، بەڵام کە وەڵامەکان دووورودرێژدەبوون لە تام دەردەچوون.؟

لەبەر ئەوەی خەڵکێکی زۆرو بە لێشاو بەرەو بەشە خۆرئاواکەی ئەلمانیا دەچوون و چاویان لەوە بوو ئەوانیش وەک هاورەگەزەیبەکانیان بژیین، بۆیە مانەوەی ئەو دوو پارچەیە زەحمەت بوو، تاکە بڕیارو چارەسەر بۆ راگرتنی ئەو کۆچە بە لێشاوە، زوو بەکگرتنەوەی وڵاتەکەبوو. لەو سەردەمەدا قەشە ( جواشیم کۆخ ) وتبووی :

سەرەتا بیر لە ئازادی و سەربەستی کرایەوە، تا رێکخراوەکان و چالاکەکانی بوار مافەکانی مرۆڤ نەهاتنە قسەو پێشنیاری یەکگرتنەوە نەبوو، میللەتەکە زۆر بە پەرۆش بوو زوو شیعارەکەی ( ئێمە میللەتین ) بگۆڕن، بە شیعاری ( ئێمە یەک میللەتین )، رستەکەی شیعاری یەکەم کەرامەتی گێراینەوە، بەڵام شیعارەکەی دووەم جولەیەک بوو لە جۆرێکی تر، چونکە بوونی هیوابوو بۆ

هەموو میللەتەکە.

**هەنگاوە سەرەتاییەکانی سیاسەت :**

ئەنجیلا بە درەنگەوە هاتە ناو کۆڕی سیاسەت، کە هاتە ناو ئەو مەیدانەو دەستی لە سیاسەت وەردا، تەمەنی 35 ساڵان بوو. کە کەوتە ناو ئەو کارەو وازی لە کاری توێژینەوەی فیزیا هێنا، بۆی نەکرا دەست بەرداری سیاسەت بێت، دیارە ئەو چاوەروانی رووخانی ئەو دیوارە بووە، تا وا بە گەرمی و بە قوولی بچێتە ناو کۆڕی سیاسەت. لە نێوان شەوو رۆژێکا ئەو ژنە هزری سیاسی و کارکردنی کەوتە مێشک و بووە پارێزەرو هاوکاری ئابووری بازار، کاری بۆ ئەوە کرد ببێتە ئەندام پەرلەمان. لەبەر ئەوەی ئەو زووتر ئەندانی بزاڤی گەنجانی شیوعیەکان بووەو لە سەکۆکانی توێژینەوەی فیزیایی لە ئەکادیمیای بەرلینی خۆرهەڵات ئامادەیی هەبووە، بۆیە تام و خۆشی ژینی دەزانی و هەستی پێکردبوو .

رەوشتی ئەو کیژە قەشەیە هەر منالیەوە بە ئارامی و لەسەرخۆیی ناسرابوو، ئەو دیوارە نەرووخابووایە، ئەو هەر لەسەر کاری توێژینەوەی فیزیایی دەمایەوە، ئەو پێشهاتە وریایکردووەو بووە پێشەنگی شۆرشێک و گەیشتە لوتکەی دەستەڵات لە ئەلمانیای یەکگرتوودا. ئەو رەوشە تازەیە بۆ ئەو ژنە ئاسان نەبوو، ئەو زۆر لە دیمەن و رووداوو رۆژانەی خۆی بەبیرهاتیتەوە، کە لە ساڵی 1972 لە قۆناخی دواناوەندی رووبەرووی مامۆستایانی بویتەوە، لە ساڵی 1978 رازی نەبووە هاوکاری پۆلیسی نهێنی ئەلمانیای دیموکراسی بکات، یان لە ساڵی 1981 بە جیابوونەوەی لە مێردەکەی .ئەوانەی هەموو کۆکردەوەو بریاری گۆڕانی لە ژیانیدا لە مامۆستایەکی زانستی زانکۆوە بەرەو سیاسەت رۆیشت .

**حزبە گچکەکە :**

لە 17ی نوفمبەری ساڵی 1989 سەرۆکی نوێی حکومەت لە ئەلمانیای خۆرهەڵات هانز مودرۆ بریاری چەند پلانی چاکسازی بنەرەتی لە وڵاتدا، تا وڵاتەکە لەو کێشەو تەنگژەیە دەربازبکات و ئارامی و هێمنی و ئاشتی بەرقراربێت، بریاری رژێمێکی تازەی کۆمەڵگەی ئیشتراکی دا، لەو سستەمەدا دەکرا هاووڵاتیان هیواو مەرامەکانیان دەستەبەر بکەن، بەڵام ئەو لەگەڵ یەکگرتنەوە نەبوو، ئەو لەگەڵ بەیەکەوە ژیان لەو چوارچیوەی یارمەتیدان بوو .

پاش دە رۆژ راوێژکاری ئەلمانیای خۆرئاوا، بۆ یەکگرتنەوە پلانێکی دە خالی خستەروو، مەبەستی یەکگرتنەوەکەشی بۆ رێرەوەی یەکێتی ئەورویی بوو، پاش ئەو پلانە لە 19ی دیسمبەرا سەرۆکی ئەلمانیای خۆرهەڵاتی بینی، لەو دەمانەشدا لە دەرەوە بە گەرمی و زۆر بە سۆزەوە بانگی یەکگرتنەوەی وڵاتەکە دەکرا. باهۆزی یەکێتی لەناو وڵاتا هەڵیکرد، لەو رۆژانەدا ئەنجیلا بیری لەوە کردەوە بچێتە ناو حزبێکی سیاسی، بەرپرسەکەی لە ئەکادیمیای زانستەکان کلۆس ئاولبریخ چووە ناو ریزەکانی حزبی ئیشتراکی دیموکراسی، ئەوەی مافناس فولفقون شونر سەرۆکایەتی دەکرد، لەو حزبەدا چەندین زاناو ئەکادیمی بواری زانستیشی تێدابوو .

سەرەتا ئەنجیلا کاری ئەرشیفی و نووسینی بڵاوکراوەیی و هەڵواسینی ئەفێش و سازکردنی نووسینگەکانی بە ئامێری کۆمپیوتەری ناو ئەلمانیای خۆرهەڵاتی و جۆرەها کاری تری بۆ دەکردن، بۆیە ئەوانەی لەگەڵی بوون نەیاندەتوانی دەستبەرداری ئەو ژنە سازکارو ئامادەیە ببن .

**خۆرهەڵاتیەکان بەرەو سەندووقی دەنگدان دەچن :**

کیژی قەشە کاسنر لە فبرایری ساڵی 1990 داوای مۆڵەتی لە سەرۆکی ئەکادیمیای زانستیەکانی

کرد، مۆڵەتەکەی بۆ ئەوەبوو هاوکاری حزبەکەی بکات بۆ سازبوونیان لە هەڵبژاردنی ژووری هۆبەکان، بۆ یەکەمجار هاووڵاتیانی ئەلمانیای خۆرهەڵاتی کە سەرژمێرییەکان 12 ملیۆن کەس بوو، بۆ هەڵبژاردن روویان لە سەندووقەکانی دەنگدانکرد، لەو پرۆسەیەدا ئازادانە نوێنەری ژوورەکانیان لە نێوان پالێوراوانی 24 حزب و رێکخراوی سیاسی هەڵبژارد .

بەزۆربوونی دیدارو کۆبوونەوە هەستی سیاسی گەرم دەبوو، لەو چالاکی و جموجۆلانەدا چەندی پێشهاتی تازەو سەرسورهێنەر هاتنە پێشەوە، چوار هەفتە پێش رۆژی هەڵبژاردنەکانا، بەبێ ئەوەی خۆی داواو کاری بۆ کردبێت، ئەنجیلا وەک قسەکەری رەسمی حزبی رینسانسی دیموکراسی دانرا. ئەو کارو سەرکێشییەی بە باشی و بەچاکە نەکەوتەوە، لە گەرمی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەدا فایلی پارێزەی کەنیسەی پرۆتستانت فولفقون شونر ئاشکرابوو، دەرچوو پیاوی پۆلیسی نهێنی رژێمی پێشوو بووە، ماوەیەکی دوورودرێژ کاری بۆ بەرژەوەندی ئەو دەزگایە بەدناوە کردووە، ئەوەش ئەنجیلای تووڕەکردو خۆی پێرانەگیرا، رووبەروو پێی ووت، تۆ منت شکاندەوە، ئەوەی تووشم بوو کارەساتێکی گەورەبوو لە ژیانمدا .

سەرەرای رووداني ئەو کێشەیە هەڤاڵبەندی لە پێناوی ئەلمانیا، ئەوەی یەکێتی کریستیانی دیموکراسی لە خۆرهەڵات و حزبی رینسانسی دیموکراسی تێدابوو، 47,8% دەنگیان هێنا، پاش ئەو دەرکەوتە لۆسار میزیاری سەرۆکی یەکێتی کریستیانی دیموکراسی جێگەی هانز مۆدرۆی سەرۆکی وڵاتی گرتەوە .ئەو سەرکەوتنە بۆ هیلمۆت کۆل و دیموکراسیەتی کریستیانیەکان سەرکەوتنێکی باش و شیاو بوو، ئەو دەنگدانەی خۆرهەڵاتیەکان بۆ ئەو لیستە دەنگدانی یەکگرتنەوەو هەڤاڵبەندی و گەرانەوەی ناسنامەو یەکێتی بوو. شەوی دەنگدانەکە ئەنجیلا لەگەڵ تۆماس میزیاری ئامۆزای لۆسار میزیار لە بارەگای یەکێتی کریستیانی دیموکراسی مانەوە، تا ئەوان هاورێیەکانی حزبی رینسانسی دیموکراسی هەڤاڵبەندیان لە حکومەتەکەیان لەبیر نەکەن. بەڵام دەرکەوت ئامۆزاکە هیچی بۆ ئەو حزبە پێنەکرا، ئەوانەی تەنیا0,9 % دەنگەکانیان هێنابوو، بۆیە دەستبەتاڵ لە بارەگاکە دەرچووە .

ئەنجیلا لە نێوان  مانگی ئەپریل و دیسمبەری ساڵی 1990 پاش ئەوەی سەفەری زۆری هاوشانی لوسار دۆ میزیار کرد، توانی سەرنجی زۆری رۆژنامەنووسان راکێشێت، لە پاریس فرانسوا میتران و لە لەندەن تاتشری بینی .لەو کاتانەدا دانوستانی وەزارەتی دەرەوەی هەردوو وڵات بۆ یەکگرتنەوە بە چڕی بەردەوام بوو، تا لە 31ی ئۆگسستی هەمان ساڵ پەیمان و رێککەوتنی یەکگرتنەوەیان ئیمزاکرد. ئەنجیلا ئەوانەی هەموو لەبیرە کە چۆن لە 2ی ئوکتۆبەری 1990 دەستیان بە دانان و دامەزراندنکرد، ئاسان نی یە بە شەش مانگ سەرلەنوێ شتەکان بنیات بنێرێتەوە. لەو رۆژەو لەو پێشهاتەدا ئەمجارە ئەنجیلا لە ساونا نەبوو، بەڵکو لەسەر شانۆی رووداوەکان بوو، ئەو هاوشانی لوسار میزیاربوو، ئەو تا زۆرتر لەسەر کورسیەکەی بمینێتەوە، ئارەزووی بوو دانوستانەکان درێژتر بێت و دەستەڵاتی کۆماری ئەلمانیای دیموکراسی لە دەست نەچێت.

ماویەتی :